# ژنانی کاندید لەسەرنەکەوتنیان دەترسن

## بەیان نوری: "ئەگەر ڕێژەی ٢٥٪ بۆژنان بەدەست نەهات، ئەوا کام پاریزگا کەمترین ڕێژەی ئافرەتی تیایە، لەوێ ئافرەت لەبری پاڵێوراوێکی پیاو دادەنریت"

**دیمانە/ ئاینده**......................................

هەروەک ئاشکرایە لە دوای رزگارکردنی عێراقەوە تا ئێستا (٣) خولی پەرلەمان تێپەڕی کردوەو ئێستا بۆ چوارەمین خول هەڵبژاردن دەکرێت، لەهەڵبژاردنی ٧یمارسدا بۆئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، کەبەلیستی نیمچەکراوە ئەنجامدەدرێت، ژنانیش وەک پیاوان بەڕێژەی کۆتای (٪٢٥) خۆیان کاندیدکردووە بۆئەم ئەندامێتیە.

بەڕێز "بەیان نوری" ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، دەربارەی بەشداری ژنانو چۆنێتی دیاریکردنیان لەنەخشەی سیاسی عێراقداو ڕێژەی کۆتاو ئەگەری دەرچونی ژنان، بۆئایندە دواو، وتی: "بەشداری ئافرەتان لە هەرخولێکدا بۆمان دەردەکەویت، کە یەکەمینیان (ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی) کە بریتی بوو لە (١٠٠) کەس بەڕێکخستنی لیست بە پێی ئەو یاسای کۆتای ژنان کە، یەکەمین جار بوو دانرا ئافرەت لە (٪٢٥) کەمتر نەبێت، ناوی (٢٥) ئافرەت خرایە لیستەوە، کە تەنها ڕێکەوتنی نێوان حزبەکان دیاری کردبوو لە کام لیست گوێدانە ئەوەی لە کام پاریزگان، بە نموونە یەکگرتوو لە کۆی (٢) ئەندام یەکێکیان ئافرەت بوو، یەکیتی لە کۆی (٦) ئەندام تەنها (١) ئافرەتی هەبوو، پارتی لە کۆی (٨) ئەندام (٣) ئافرەتی هەبوو، و حزبی ئیسلامی عیراقی لە کۆی (٦) ئەندام (٣) ئافرەتی هەبوو، لایەنیش هەبوو هیچ ئافرەتی تیادا نەبوو.

پاشان لە هەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥) دا بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، یاسا بۆ دابینکردنی کۆتاکە وا دانرا هەر لیستیک سێهەمین ناو ئافرەت دابنیت، بەم شێوەیە لە لیستە گەورەکاندا ڕێژەی ئافرەت بەرزتر بوو لە (٪٢٥) و لە هەندێک لیستدا کەمتر.. و هەندێک ئافرەتی تیادا نەبوو! بەڵام لە سەرەنجامدا کۆی کورسی ئافرەتان گەیشتە (٨٨) کورسی لە کۆی (٢٧٥) کورسی، واتە: بە ڕێژەی (٣٢ ٪).

پاشان لە هەڵبژاردنەکەی کۆتایی (٢٠٠٥)دا، بۆ ئەنجومەنی نوینەران (٪٢٩)ی ئافرەت بوو، کە بەم شیوازە هەر سێهەمین کورسی بۆ ئافرەتان دیاریکرابوو، ئیئتلاف (٦٨ ,٪٢٩) ,هاوپەیمانی کوردستان (٣٠ ,٪٢٨)، وتەوافق (٢٧ ,٪٢٧)، یەکگرتوو (٪٢٠) وعیراقیە (٪١٦) وحوار وەتەنی (٪٩)، و (٦) لیستیش ئافرەتی تیادا نەبوو!!

لەم هەڵبژاردنەی (٣/٧) دا بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی کە تەنها لیستە گەورەکان ڕێژە کە دابین بکەن (بە بۆچوونی ئەوان وەک ئەوەی هەر لیستێک دیاریکرد زەرەرمەند بێت)، میکانیزمی دابەشکردنی ڕێژەی ئافرەتانیان گۆڕی، لەوانەیە هەندێک لای وابێت کە گۆڕانی میکانیزمەکە پەیوەندی بە لیستی کراوەوە هەبێت، دەڵێین نەخێر لە هەڵبژاردنی پاریزگاکاندا لە ناوەڕاست و باشوور لیستی کراوە بووە، بەڵام هەر سێهەمین کورسی براوە ئافرەت بوو.

بۆهەڵبژاردنی ئەم جارە ئەومیکانیزمو گۆڕانە کەهەیەو بۆتە مایەیی قسەلەسەر کردنی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارو ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، خاتوو(بەیان) ڕایگەیاند: "بۆ دابینکردنی ڕێژەکە چەند هەنگاوێک دەگیرێتە بەر کە بە کورتی دەتوانین بڵێین کاتێک ئەنجامەکان دەرکەوتن هی سەرجەم عێراق دوای ئەوەی سەرجەم کورسی پارێزگاکان لەگەڵ کورسی پێکهاتەکانی وەک مەسیحی و یەزیدی و پێکهاتەکانی تری عێراق لەگەڵ کورسیە تەعویزیەکان، ئەمانە هەمووی کۆ ئەکەنەوە لە ئەنجامدا ئەگەر هاتوو ڕێژەی (٪٢٥)ی ئافرەت بوو، ئیتر ئەوە پێویست بەهیچ هەنگاوێکی تر ناکات، بەڵام ئەگەر (٪٢٥) کەمتر بوو ئەوا دێن بە شێوەیەکی تر ئەو ڕێژەیە ڕێکدەخەن، ئەویش بەگریمانەیەک بۆ هەرپارێزگایەک یەک کورسی زیاد دەکەن بۆئافرەت و پاشان حسابی ئەوەدەکەن کە بزانن کام پارێزگا کەمترین ڕێژەی ئافرەتانی تیادایە لەو پارێزگایانەدا ئافرەت دادەنێن.

وتیش: "دانانەکەش لەبری پاڵێورایکی پیاو دەبێت، واتە کورسی بۆئافرەتان زیاد ناکەن بەڵکو لەپێشدا بەگریمانە زیادی دەکەن تا شێوەی ڕێکخستنی ڕێژەی تەواوی پارێزگاکان و پاشان کام پارێزگا کەمی هەبوو لەو ڕێژەیە ئەوا دوا پاڵێوراوی پیاو لادەدرێت بۆپاڵێوراوێکی ئافرەت، بەو شێوەیە بەزیاد کردن ئەنجامەکە وادەردەچێت کەئافرەتان چەند کەمیان هێنابێت یەکسان بنەوە بەو ڕێژەیەی کە پێویستە هەبێت.

بەڵام ئەگەر بەو شێوەیەش ڕێژەکە هەرنەگەشتە پێگەیەکی تەواو , ئەوا بۆجارێکی تر هەمان هەنگاو دووبارە دەکەنەوە بزانن کام پارێزگا ڕێژەی سەدی لەهەمووان کەمترە دیسان لەو پارێزگایە دەستپێدەکەنەوە پاڵێوراوێکی پیاو لا دەبەن و پاڵێوراوێکی ئافرەت دەخەنە شوێنەکەی، ئەمە وەک پارێزگا، پاشان تەماشای ئەو لیست و کیانە سیاسیە دەکەن کە بەشداریان کردوە لەو پارێزگایەدا، لەوانە دێن لەهەرلیست و قەوارەیەکدا ڕێژەی سەدی ئافرەتان کەمتر بوو لەلیستێکی تر ئەوکاتە پاڵێوراوێکی پیاو لەو لیستەدا دەگۆڕێت بە پاڵێوراوێکی ئافرەت، واتە هەرکیانێکی سیاسی کەمترین ڕێژەی سەدی هەبێت ئەوا دەبێت ئافرەتێک زیاد بکات بۆسەرلیستەکەی، لەم حاڵەتەشدا کیانە سیاسیەکەش سەرجەم کورسیەکانی بەسەرجەم پارێزگاکانەوە بۆحساب دەکەن، نەک ئەوەی تەنها لە پارێزگایەی کەواتە ئەگەر لیستێک لەو پارێزگایەشدا دەنگی ئافرەتی بەدەست نەهێنابێت، بەڵام لەپارێزگاکانی تردا ڕێژەیەکی باشی لەئافرەتانی بۆدەرچووبێت ئەوە ئەو کیانە بۆی زیاد ناکرێت، بەڵام ئەگەر کیانێک لەزۆرینەی پارێزگاکان ئافرەتی بۆدەر نەچووبوو، ئەوا دەبێت ئەو کیانە بەدانانی ئافرەت بۆلیستەکەی ڕێژەی ئافرەت هاوسەنگ بکات لەناو لیستەکەیدا کەپاڵێوراوێکی پیاو دەگۆڕێت بەپاڵێوراوێکی ئافرەت.

دەربارەی شێوازی دیاریکردنی ئەو ئافرەتە لەو کیانە سیاسیە، بەم جۆرە ڕوونیکردەوە:" کام ئافرەتیان لەناو ئەو لیستەدا دەنگی لەهەموو ئافرەتەکانی ترزیاتربوو، ئەوا کورسیەکە دەدرێت بەو ئافرەتەو بەو شێوازە وای لێدێت کەڕێژەی لە (٪٢٥) بەتەواوەتی دابین دەکرێت، کەواتە هەرچەندە ئافرەتانیش دەنگی پێویست نەهێنن گرەنتی ئەوە دەکرێت بەپێی ئەو شیکاری و لێکدانەوەیە کە داڕێژراوە لەهەژماردنی کورسیەکاندا، ئافرەتان دەگەنەوە بەلە (٪٢٥)ی کۆی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بێ ئەوەی مەرج بێت ئەو ڕێژەیە لە سەرجەم پا رێزگا و لیستە کا ندا بگاتە (٪٢٥).



دەربارەی کاندیدە ژنانەکانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو، تاچەندە یارمەتیان دەدرێت بۆ پروپاگەندەکردن بۆ خۆیان، ئەوئەندامەی مەکتەبی سیاسی وتی: " هەر لە سەرەتای دروست کردنی لیستەکانەوە سەرکردایەتی یەکگرتوو بڕیاریداوە کەبەیەکسانی هەل بڕەخسێنرێت بۆ سەرجەم کاندیدەکان، واش ئەزانم ئەوە جێبەجێ کرابێتو هەلی یەکسانی وەک براکان لەبەردەمیاندا هەیە.

---

# هەڵبژاردن... پرۆسەی دیمکراسی یاهەڵگیرساندنی شەڕ؟!!

**پەپوولە**......................................

هەڵبژاردن، سیستمێکی باشی گۆڕینی دەسەڵات و هۆکارێکە بۆباشترکردنی بەڕێوەبردنی وڵاتو، پێشکەش کردنی ئەزمونی نوێیو خزمەتی باشترو کەمکردنەوەی نادادپەروەری وگەندەڵی.

بەڵام ئەوەی جێی داخە بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستاندا سیستمێکی نوێیەو زیاتر هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە وافێربوون وگۆشکراون کەبەشەڕو زۆرەملێ و توندوتیژی کورسی دەسەڵات بەدەست بهێنن، هەربۆیە لەجێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراسیشدا دەچنەوە سەرباری جاران...

چونکە سەرۆک و گەورەو دەسەڵاتداران نەیانتوانیوە واتای ڕاستەقینە ببەخشن بەدیموکراسی، لەبەرئەمەیە دەبینین ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان کەلەبنچینەدا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیەو، بەوێنەی دوژمن ڕوبەڕووی یەکتر دەبنەوە و هەموو بنەماکانی برایەتی و هاونیشتمانی و تەنانەت و هاوخێزانیش لەیاد دەکەن؟!

بەداخەوە زۆرجار تەسک کردنەوەی سنوری ئازادی بیروڕادەربڕین هێندە لەبەردەم یەکتر تەسک دەکەنەوە تا دەگاتە ئەوەی خێزانەکان لێک جیاببنەوە!! و هیچ ڕێزو خۆشەویستی وبەهایەک بۆیەکتر دانەنێن، لەبەرئەوەی هەردوولا ئەندام یان لایەنگری یەک لیست نین!!!

لێرەوەئازادی تاکەکەسی دەخرێتە ژێرپێ ولەباردەبرێت، زۆربەی جاریش قوربانی یەکەمی ئەم بەباودیمکراسیە ژنانن؟!

دەپرسین گەر ئەم میللەتە لەپیادەکردنی پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ئاوا مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەی کاتێک نوێنەرانی لایەنێک دەچنە سەرکورسی دەسەڵات، دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی لایەنێکی تردا بکەن؟!! چ خزمەتێکیان پێشکەش بکەن بکات؟!!

دەبێت لەژێر سێبەری دەسەڵاتی سەپێنراوی وەها حزبێکدا کەقەبووڵی نیە دەنگوڕەنگی جیاواز لەدەوروبەریدا هەبێت، هاوڵاتی لەپلە (یەک)ەوەتا پلەچەند هەبێت؟!

هەر لایەنەی ئەندام و تاکەکانی واپەروەردەکردبیت، کەڕاستی تەنهاوبەس لای خۆی هەیە و هەرکەس بیرکردنەوەی جیاوازی هەبێ دەبێ سزا بدرێ!! هەڵوەشاندنەوەی خێزان و ...هتد. لاپەسەنتر بێ لەکاتی بوونی دەنگی جیاوازدا، ئەوکاتەی دەچێتە سەر کورسی دەسەڵات خزمەت پێشکەش دەکات یاخود....!!!.

ئەمانە لەکاتێکدا بەدی دەکرێت کەهیچ پارت و لایەنێک خۆی بەدیکتاتۆر نازانێت!!

قسە فەقیرەو هەمووان پێی دەوێرن دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کەزۆر لێکردن لەدینیشدا نیە، بەڵکو تەنها ڕێگەی ڕۆشنکردنەوەمان لەسەرە، نەک بەزۆر هێنانە سەر ڕێگا، کەواتە بۆگۆڕینی دەسەڵات پێویستمان بەگۆڕینی دەسەڵاتدار نیە، بەڵکو پێویستمان بەگۆڕینی بیرو هۆشی هەموانو قبوڵکردنی بەرامبەرە، بەخاوەن بۆچونە جیاوازەکانیشەوە.



---

## ڕاگەیەنراوی کەمپینی پشتیوانیکردن لەخوشکانی کاندید، بۆ پەرلەمانی عێراق

_جەماوەری خۆشەویستی کوردستان.

_ژنانی کوردی خەباتگێر .

-خوشکانی ماندونەناس .

لای هەموان ئاشکرایە کە کایەو بازنەکانی ژیان پێویستی بەوەیە کەژن و پیاو هاوکار و تەواوکاری یەکتر بن، و بەنە بونی یەکێکیان ڕەوڕەوی ژیان مەشلول وناتەواو دەڕوات .

ئەمڕۆش وا بۆ جارێکی تر کوردستان لە سەروبەندی پرسێکی چارەنوس سازدا خۆی دەبینێتەوە، کەئەویش پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ترە، ئەم پرۆسەیەش جیاوازتر لە پێشوو بە ئەزمونێکی نوێدا تێدەپەرێت، لیست و قەوارەی سەربەخۆی تێدایەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە پرۆسەکە بە لیستی کراوەیە، ئەمانە هەموو پیشیوانی و بە دەمەوە هاتنی جەماوەری کوردستانی دەوێت .

ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی کوردە بەدڵسۆزی و خەمخۆریەوە بۆ ئەومەسەلە هەستیارە چارەنوسسازە بڕوانێت، و لەبیری دەسنیشانکردنی نوێنەری ڕاستەقینەی کوردابن بەبێ جیاوازی رەگەزی

بۆ ئەو مەبەستەو نیشاندانی وێنایەکی سەردەمیانەو دادپەروەرانە و هۆشیاری زیاتری کۆمەڵگا بەگشتی، وژنان بەتایبەتی سەبارەت بە دەنگدان و دەسنیشانکردنی ئافرەتی شیاو و لێهاتوو بۆ ناوەندەکانی بڕیار لە سەرجەم ئۆرگان و بازنەکانی کاردا، بەشێوەیەک دەنگ و توانا پێوەرێکی سەرەکی بێت بۆیان، و بەدەنگێکی گونجاو ئیرادەی سەربەخۆ و لێهاتوییەوە بگەنە ئەو ئاستانە و ئاستەنگی هیچ نادادیەک نەبێتە ڕێگر بۆیان .

ئێمە ژمارەیەک لە خوشکان بەهەست بە بەرپرسیارێتی لەبەردەم مێژووی میلەتەکەمان و ئەم کات و ساتە هەستیارە .هەستاین بە پێکهینانی کەمپینێک بۆ پشتیوانیکردن لە ژنانی کاندیکراو بۆ پەرلەمانی عیراق، و ئامانجی سەرەکیمان گێرانەوەی هاوسەنگی وڕۆڵی تەواوکاریە لە نێوان ژن و پیاودا، تا پێکەوە بەئەرکی مرۆڤانەی خۆمان هەستین، و شانبەشانی یەک خزمەت بە میللەت و نیشتمانی ئازیزمان بکەین، ئەوەش بزانین بەشداری و بوونی ژن هاوکیشەکانی ژیان هاوسەنگ دەکات.

سەرکەوتوو بێت ئیرادەی پێکەوە ژیان

پایەدار بێت خەباتی ڕەوای ژنان

**دەستەی دامەزرینەری**

**کەمپینی پشتیوانیکردن لە ژنانی کاندید بۆ پەرلەمانی عێراق**